

**شیرین کافی**

## بۆئەودڵەپڕلەهیوایانەی کەبۆ پێشوازی لە عەشقی پیرۆزیان

لەباتی گوڵ باران بەرد باران و تیرباران وئاگرباران کران
ئێمەی مرۆڤ بە ئاشکرا مرۆڤ دەکوژین وبەپەنهانیەوە عاشق دەبین
کەگوایەعەشق تاوانەوکە چی ێمەش لەدڵۆپەیەکی عەشق پێک هاتوین
هۆدایەگیان
بەترساوی وپەشۆکانی چاوەکانتادڵ نیابوم کەدەتوست بۆ دوآجار
ئاوڕلەکۆرپەکەت بدەیتەوەودوانیگای حەپەساوی خۆت لەناوچاوە
ئەستێرەیەکانیدانقوم بکەیت وزیاتربینوسێنی بەسینەتەوەوتێریکی لەڕوحی تاساوت
ڕوی بێ تاوانیت بکەرەئاسمان وپربەزارەخوئناویەکەت هاواربکەخودایەدوادام لێ وەرگرەو
بەبێ تاوانی خۆم بم بەخشەبۆخاتری سێ خونچەی نەپشکوتووتەنها یەک جاری ترڕێگەم بدە
بۆن بەهەناسەی گەرمیانەوەبکەم ودواحەسرەتی دایکانەیان پێ ببەخشم
پڕبەزارە خوێناویەکەت هاواربکەو پێان بڵێ خەجاڵەت بن بێتاوانیم وەک
خەوێکی زۆر ناخۆش لەداهاتوتان نابێتەوەئیدی شەوێک نابێت ئێوەڕوحتان
ئارام بێت تێیداگەرچی مرواری چاوەکانت بون بەدەریابەڵام ئێمەی ترساو
ئێمەی تاساولەژێربالًی ڕاست وچەپت وەک نێچیری دەمی هە لۆهە لەدەلەرزین
لەبەرتاقگەیگەڵاڕێزانیتەمەنتاخۆمان دەشۆرت ئەفسوس ئەفسوس گوێی شار کپە
لەئاستی هاواری ئێمەتەنانەت خواش گوێ ناگرێ بێدەنگ بێدەنگ لەمردنی تۆ
دەڕانێ گەردواساتی مردنت ئێمەت نەدی بمان بەخشەئاسودەبەهیچ گلەیی لەخۆت مەکە
هۆدایەگیان
چەند ئێوارەیەکی خەماوی وچەند سەفەرێکیدرێژە تۆدەزانی دواساتی پێکەوە بونمانە
دەسامەگری بەس چاوانت ماندو بکە تۆ نازانی بەم گریانەت داهاتوی من شەکەت ئەکەی
من وخۆتوخواش ئەزانین بێتاوانی ئیدی بەسە ئەم گریانەئە ئەی دایکەجگەرسۆزەکەم
ئەی شاژنی بێتاوان تۆناترسی وسەرت بۆمەرگ داناخەی ئەگەرهاتوبەچاوی پڕلەگریان و
دڵی پڕ دڵی پڕ لەپەژارەوە دەرفەتیان پێنەدای دەستی لەرزۆکت بەناوقژی ئاڵۆسکاوی
ئێمەدابهێنی بمان بەخشەتۆناترسی لەمەرگ تۆ فریشتەی تۆ نامری گەر دەرفەتیان پێنەدای
بۆ دواجارماچ وبۆنی گوڵی گۆنای ئێمەت نەکرد بمان بورەبەشەوقی نیگای چاوەپڕلەخەونەکانت
پێیان بڵێ خەجاڵەت بن دەساڕوی بێتاوانئت هە ڵبڕەبەرەوئاسمان وپێیان بڵێ من نامرم
من دایک ومن شاژن ومن شەهیدم بەئارامی چاو لێک بنێ تۆ لەپاش خۆت لەڕێگەی دوانیگاکانتەوە
ئێمـەت فـێری خۆشـەویستی کردوتاقەدڵـێکت بۆ جێـهێشتین هەتـاهەتـایە بیپەسـتین ئەی دایە